سودانی سەرپەرشتی واژۆکردنی ڕێکەوتنی پەرەپێدانی چوار کێڵگەی کەرکوک لەگەڵ کۆمپانیایەکی بریتانی دەکات

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، سەرپەرشتی واژۆکردنی ڕێکەوتنی پەرەپێدانی چوار کێڵگەی کەرکوک لەگەڵ کۆمپانیای بریتش پترۆلیەم/BPی بریتانی کرد

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەئاژانسی موتەبع بەدواداچوونی بۆ کردووە بۆاویکردووە"بە سەرپەرشتی و ئامادەبوونی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ سەشەممە، لە بەغداد، ڕێکەوتنێک بۆ نۆژەنکردنەوە و پەرەپێدانی چوار کێڵگەی کەرکوک، لەنێوان کۆمپانیای نەوتی باکووری سەر بە وەزارەتی نەوت و کۆمپانیای بریتش پترۆلیەم/BPی بریتانی واژۆ کرا.

وتیشی ئەم واژۆکردنە دوای ڕێکەوتنێک دێت لەگەڵ کۆمپانیای پێیوەندیدار، سەبارەت بە پرسە تەکنیکییەکان و مەرجەکانی گرێبەست، لەسەر بنەمای ئەو یاداشتنامە لەکتێگەیشتنانەی کە لە لەندەن واژۆکراون، لە میانی سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران بە بریتانیا، کە ئامانج لێی دەستبەرکردنی باشترین مەرج و سوودی گرێبەستە بە لایەنی عێراقی، دوای دانوستانێکی وردی درێژخایەن، بەپێی ڕێنماییەکانی بەڕێزیان، بەمبەستی وەبەرهێنانی باشتر بە وزە و دابینکردنی نەوتی خاو بە پاڵاوگەکانی باکوور و کەمکردنەوەی پشتبەستنیان بە نەوتی باشوور، و ڕێکەوتنێکە قۆناغی

کۆتاییە پێش واژەکردنی کۆتایی گرەبەستەکە.

دووپاتیشیکردەوە هەروەها ڕێککەوتنەکە پەرەپێدانی چوار کێڵگەی سەرەکی کەرکوک لێخە دەگرێت (بای حەسەن، کەرکووک بەهەردوو (بابا و ئاڤانا) و چەمبەر و خەباز)"ـەوە، بە دەنیابوون لە وەبەرهێنانی غازی هاوە، هەروەها نەژێنکردنەوە و فراوانکردنی دامەزراوەکانی غاز لە کەمپانیای غازی باکوور و دامەزراندنی وەستگەیەکی کارەبا بە توانای 400 مێگاوات بە گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکانی ئەم پڕۆژە ستراتیژییە یەکگرتووە.

ئاماژەیشیدا ئەم پڕۆژەیە دەستی کار لە پسپۆڕییە جیاوازەکان و کارپێکردنی کەمپانیا ناوخۆییەکان و جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی سوودی کەمەڵایەتی، و پەرەپێدانی تواناکانی سەرچاوە ئەندازیاری و تەکنیکییەکان و پاڵپشتیکردنی ستافی کەمپانیای نەوتی باکوور و کەمپانیای غازی باکوور لێخەدەگرێت، لە چوارچێوەی دیدگای حکومەت بە پرۆگرامەکانی ڕاهێنان و بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتوویی لە چوارچێوەی ئەوەی بریتش پترۆلیەم بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی نەوت دابینی دەکات.